ئاوارەکانی کەمپی کاوە دەڵێن:

لە بەر ئەوەی جنسییەی عێراقیمان نییە پێمان دەڵێن ئێوە ئێرانین

کەمپی کاوە هەڵکەوتوو لە نیوان جادەی هەولێر ـ کەرکووک ئەو شوێنەیە کە ئێستا بە سەدان ئاوارەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانی لێ نیشتەجێیە. ئەم ئاوارانە پێشتر زۆربەیان لە کەمپی ئەڵتاش بوون کە دوای رووخانی حکوومەتی سەدام و نا ئارام بوونی ناوچەکە روویان لە کوردستان کردوە و بە هاوکاری حکوومەت و رێکخراوە خێرخوازەکان لەوەێ جێگیر کراون. "بۆکوردستان" بە پێویستی زانی لە بەدواداچوونێکدا "کەریم پاڵانی" ئەندامی شۆرای کەمپ و "قەمەرناز نەزەری" ئەندامی ئەنجومەنی کەمپەکە بدوێنێ و لە زمانی خۆیانەوە گوێبیستی کێشە و داواکانی ئەو خەڵکە بن:

قەمەرناز نەزەری

"بۆکوردستان": کاك کەریم پاڵانی دەتوانین داواکانی خەڵکی ئەم کەمپە لە زمانی ئێوەوە ببیسین و بزانین ئەم خەڵکە چ داوایەکیان هەیە؟

کەریم پاڵانی: کێشەی ئێمە کێشەیەکی سیاسییە و دواتر ئینسانییە. ئێمە دوو داوای سەرەکیمان لە کۆمیساریای پەنابەران کردوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دوو داوایەمان تا ئێستا جوابی نییە. داوای یەکەممان ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ زێدی باووباپیرانی خۆی لە ژێر چاوەدێری unhcr دا با بگەڕێتەوە. داواکاریی دووهەمیشمان بۆ ولاتی سێیەمە. زۆر لەو خەڵکەی ئێمە ئێستا فایلی unی هەیە. هی وامان هەیە چاپێکەوتنی ولاتیشی کراوە. ئەگەر رووخانی سەدام نەبایە لە ساڵی 2003 زۆربەی ئەو خەڵکەی فایلی سیاسییان هەیە بۆ ولاتی سێیەم بەڕێ ئەکران. ئێمە ئەو دوو داوایەمان تا ئێستا بەرز کردوەتەوە.

"بۆکوردستان": تا ئێستا چیتان کردووە بۆ بە دواداچوونی ئەو دواکارییانە؟

چەن کەڕەتێك هەر لێرە کۆبوونەوە هەبوو لە بەینی بەرپرسانی بەرزیunکە لە عەمانەوە هاتوونەتە ئێرە. ئەو داوایانەمان لە رێی کاك دیندار زێباری رێکخەری کاروباری حکوومەتی کوردستان لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەرز کردوەتەوە؛ بەڵام داواکانمان جێبەجێ نەکراون، لە رووی خزمەتگوزارییەوە قوتابخانە و خەستەخانە و ئاو و کارەباو ئەمن و ئاسایشەوە هیچ گیروگرفتێکمان نییە دروستکردنی 209 خانوو بۆ پەنابەرانی ئەو کەمپە کارێکی گرینگ بووە کە زۆر سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ئێمەی لەو وەزعە نالەبارەی کەمپی ئەڵتاش نەجاتدا.

"بۆکوردستان": ئەوە وەك داواکاری، بەڵام ئەگەر ئێوە لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە کار و دەرفەتتان بدرێتێ ئامادەن لە باشووری کوردستان بژین؟

کەریم پاڵانی: بەڵێ ئێمە ئامادەین بمێنینەوە، بەڵام بابزانین ئێمە لێرە ئەمێنینەوە، ئایا مافی پەنابەری ئێمە چییە؟ لێرە من ئێستە بمەوێت لە وەزارەتێکی حکوومەتی کوردستان داوای شتێك بکەم ئێستا قانوونێك نییە بۆ پەنابەران کە بزانم مافی من چییە لێرە، بە پێی چ مادەیەک من بڕۆم داواکارییەکانی خۆم بەرزکەمەوە، ئەوەی کە داوای دەکەین تەنها لە رووی ئەوەیە کە خاکەکە خاکی خۆمانە. دەوڵەتەکە کوردییە منیش وەکو کوردێک ئەتوانم بڕۆم هەموو داواکارییەکانم لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم و هەموو وەزارەتخانەکان لە بەردەم ئێمە ئاوالایە. بەڵام ئێمە گلەیی دەکەین بزانین چۆن ئەمێنینەوە، هەق و حقووقی ئێمە وەک پەنابەرێک چییە لەم هەرێمەدا؟ بەڵام جارێکیتر دەیڵێمەوە لە بواری خزمەتگوزاری وەزعمان لە خەڵکی قوشتەپە خۆی باشترە.

"بۆکوردستان": لە رووی ئەمن و ئاسایش و مۆڵەت و ئیقامەوە چیتان بۆ کراوە؟

کەریم پاڵانی: ئیقامەیان بۆ دەرکردوین و هەر 6 مانگ جارێ ئیقامەکانمان تازە ئەکرێتەوە ئێمە یەك تێبینیمان لەسەر ئیقامەکانمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئیقامەکەمان تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر کاری پێئەکرێ. داواکارین لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە بەرپرسان با ئیقامەکەمان وا لێبکەن تەنیا لە سنووری هەولێر نەبێ لە هەموو هەرێمی کوردستان کاری پێ بکرێ. لەڕووی مۆڵەت و هاتووچۆ کێشەمان نییە. ئێمە زۆر سوپاسی بنکەی ئاسایشی قوشتەپە دەکەین چونکە هەر لە سەرەتای کردنەوەی ئەم کەمپە لە 2003/11/15 تا ئێستا بەردەوام شەورۆژ لە خزمەتی ئێمەدان بۆ دابینکردنی ئەمن و ئاسایش.

"بۆ کوردستان": رووی پرسیارمان لە قەمەرناز نەزەری ئەندامی ئەنجومەنی کەمپەکە لەو ئۆردووگایە کرد سەبارەت بە کێشەکانی ژنان لەو کەمپە پرسیارمان کرد و وتمان ئێوە وەك ئافرەتێك و مامۆستایەکیش چ کێشەیەکتان هەیە؟

قەمەرناز: کێشەکانی کچان و ئافرەتانی کەمپی کاوە زۆرە. یەکێ لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە ئەوەیە کە جێگایەکمان نییە وەك سەنتەر بۆ کۆبوونەوە کە ژنانان بێن سەعاتێك لێرە بحەسێنەوە. ئێمە بۆ ئەوەی سەعاتێك کۆبوونەوە بکەین لەگەڵ ژناندا دەبێ لە مەکتەب کۆیان بکەینەوە و بەم شێوەیە موزاحیمی ئەوان دەبین و مامۆستاکانیش پێیان خۆش نییە. کێشەیەکی دیکەی ئافرەتان ئەوەیە کە زۆر رێگریان هەیە، رێگای چوونە دەرێ و چوونە مەکتەبیان نییە کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی رۆشنبیری لە ناو خێزانەکاندا. هەروەها بە هۆی کەم دەرامەتی خانەوادەکانیان رێگای چوونە قوتابخانە لە کچان گیراوە و هەندێکیشیان لە قوتابخانە دەرهێناوون. داخوازی ئێمە ئەوەیە هاوکاری ئەو مالانە بکەن مادییەن با ئەوانیش رێگا لە کچانیان نەگرن بۆ خوێندن هەروەها لە بواری مامۆستاکانمان من خۆم ئەوە 4 ساڵە تەنها بە "محازر"(گرێبەست) دەرس دەڵێمەوە ئەویش زمانی ئینگلیزییە. تا ئێستا تەعیناتێک(دامەزراندن) بۆ ئێمە نەکراوە لەبەر ئەوەی جنسیەی عێراقیمان نییە و پێمان دەڵێن ئێوە ئێرانین. بەڕاستی کەباس دەکرێ هەموو دەڵێن جیاوازی کورد نییە کورد هەر کوردە، بەڵام کە دەچییە دائیرەکان جیاوازی زۆر دەبینی، دەڵێن ئێرانی بە هیچ شێوەیەك نابێ تەعین بن باشە چارەنووسی ئێمە چییە؟

"بۆکوردستان": رێکخراوەکانی ژنان تا چەند هاوکاری و سەردانیان کردوون و ئێوەش هیچ داواکارییەکتان پێشکەش کردوون وەك ژنان؟

قەمەرناز: وەك رێکخراوەکانی ژنان سەردانمان دەکەن خۆشمان وەك کەمپی کاوە کۆمیتەیەکی ژنانمان پێکهێناوە و لە 10 ژن پێکهاتووە و سەرەتای دەست پێکردنی کارمانە.

"بۆکوردستان": ئێوە داواکارن حکوومەت سەنتەرێکی تایبەت بۆ ئێوە بکاتەوە یان لە سەنتەرەکانی ئێرەدا جێتان بێتەوە؟

قەمەرناز: دەمانەوێ سەنتەرێکی خۆمان لە کەمپەکەدا هەبێ، ئەو جا ئێمە دەمانەوێ حکوومەت یان رێکخراوێک پاڵپشتی ئەو سەنتەرە بکا و بووجەی بۆ دابین بکا.

بە هۆی نەبوونی جێگاوە گەنجەکانمان ناچارن لە تەنیشت مەکتەب خربنەوە و مودیر و مامۆستاکانیش پێیان ناخۆشە هیچ کۆڕیان نییە دەبێ لە دووکان کۆبنەوە و ئەوکات ئەو کچ و ژنانەی دەچنە دووکان پێیان ناخۆشە پرە لە کوڕ. بە کورتی نە جێگای چالاکی تایبەتیان هەیە نە کار و کاسپییەکی باشیش هەیە پێوەی خەریك بن.

"بۆکوردستان": کوڕان و کچانی ئێوە کە ژیانی هاوکاریتان دەکا؟

کەریم پاڵانی: لە سەرەتای هاتنمان بۆ ئێرە 3 مانگ ئازووخەی پێدراین، دوایی ئەو پسولە خۆراکەی پێشتر هەمان بوو لە رۆمادی و وەك عێراقی وەرمان دەگرت بۆی هێنایە ئێرە و ئێستا ئێمەش وەك عێراقییەکان ئازووخە وەر دەگرین. دواتر وەزیری تەندروستی خۆی هات سەردانی کردین و هەندێ داو و دەرمانی نارد بۆ بنکە تەندروستییەکەمان. هەروەها وەزیری پەروەردە نوێنەری خۆی ناردووە بۆ لای قوتابییەکان و نەفەری 30000 دیناری مانگانە بۆ بڕیارە. ئەوجا داواکارییەکی تر کە هەمانە ئەوەیە کە ئێمە ژمارەیەك ئۆتۆمبیلمان هەیە و لە خواروی عێراقەوە و هێناومانە و ژمارەی کاتیین هیچ باجی رێگا پێدانمان نییە و ناشهێڵن بێباج بچینە ناو هەولێر، داواکارین ئەوکێشەمان بۆ چارەسەر بکەن چونکە ئەوە ماوەیەکی زۆرە کە ئێمە سەبارەت بە باجی سەیارەکانمان داوامان بەرز کردوەتەوە.

"بۆکوردستان": ئەوانەی پیرن و بەسالا چوون یان کەم ئەندامەکانتان هیچ هاوکاری و پارەیەکیان بۆ نەبڕاوەتەوە، یاخود بڕیار نەدراوە بە نیازی چارەسەر بۆ دەرەوە بەڕێ بکرێن؟

کەریم پاڵانی: نەخێر تا ئێستا هیچ کەسێ هاوکاری نەکردوون، بەڵام رێکخراوی قەندیل یارمەتی هەندێ فەقیر و دەسکورت ئەدا. ئێمە 4 کەسی نابینامان هەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی کۆمەڵایەتی مانگی 30000 دیناری بۆ بڕیونەتەوە.

هاوسەریی پێکدێنن لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە هاوکارییان دەکرێ؟

قەمەرناز: نەخێر

"بۆکوردستان": کاك کەریم رێکخراوی قەندیل جگە لە دروستکردنی ئەم خانووانە لە بواری ئازووخە و شتی وا

"بۆکوردستان": پارتی و یەکێتی هاوکاریتان دەکەن؟

کەریم پاڵانی: یەکێتی تا ئێستا نە سەردانی کردوین و نە پرسیاری حاڵ و وەزعی کردووین. بەڵام پارتی بەر دەوام لێی پرسیوین و چەن کەڕەتێك کاك مەسعود دیاری و جەژنانەی بۆ ناردوین کە جێگای شانازییە و زۆر پێی خۆشحاڵین. بەڵام ئێمە دەمانەوێ مەعاشێك بۆ خەڵکە هەژار و نەدارەکە و ئەوانەی دەستکورت و کەم ئەندامن بەڕەسمی ببڕنەوە.

"بۆکوردستان": ژیان و گوزەرانتان لە رۆمادی باش بوو یان لێرە؟

کەریم پاڵانی: وەڵا من ناتوانم موقایسەی کەمپی کاوە و کەمپی ئەڵتاش بکەم. راستە لێرە نفووسی پەنابەریمان پێیە، بەڵام فەرقی زۆرە و موقایسە ناکرێ و لێرە وەزعمان زۆر زۆر باشە لە ڕووی کار و کاسپی و هەروەها پاراستنی گیانمان و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەم حکوومەتە کوردییە و ئێمەش کوردین.

"بۆکوردستان": پەنابەرانی ئەڵتاش هەموویان لێرەن؟

کەریم پاڵانی: ئێمە پڕش و بڵاو بووینە و نێزیکەی 1000 خێزان لە باریکە و سنووری خانەقینن ئێمەش 238 خێزان لەم کەمپەداین و هەندێکیش لە سنووری ئۆردنن.

"بۆکوردستان": خاتوو قەمەر ناز جەنابت باسی فەرق و جیاوازیت کرد، ئەو کەسانەی کە لێرە لەدایکبوون ئەوانیش بە عێراقی حەساب ناکرێن یاخود نفووسی عێراقیان بۆ دەرنەکردون لە رۆمادی؟

قەمەر ناز: نەخێر بەگشتی هەموومان یەك پێناسمان هەیە کە هی پەنابەرییە.

"بۆکوردستان": وەعدیان نەداوە چارەسەری بکەن؟

قەمەرناز: نەخێر، بەڵام حەقە مادام پێناسمان هەیە، دامانبمەزرێنن.